# زنجیرەیەك گوتار لە بارەی ناسنامە (7-8) بەختیار عەلی

**ناسنامە لە نێوان یەکێتی سیاسی و یەکێتی نەتەوەییدا**
**عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا**

_____-

قسەیەکی جوانی (نەسر حامد ئەبوزەد) لە بارەی ناسنامەوە هەیە، دەڵێت: ئەگەر ناسنامە وەك پێدراوێکی کۆنکریت و نەگۆ دابنێین، ئەوە ژەهرێکی کوشندەیە.. ئەو قسەیەی ئەبوزەد بە تایبەتی لە خەرهەڵاتی ناوەڕاستدا ئایدیۆلۆجیای ناسیونالیزممان بیر دەخاتەوە، بە مانایەکی دیکە ئەو قسەیە لە لایەك ناسنامە وەك ئایدیۆلۆجیا وەردەگرێت، لەلایەکی دیکە ناسنامە و ناسیونالیزم لە پیرۆزیی و ناوازەیدا دەبینێتەوە، هەموو لەیەکنزیکردنەوەیەکی ناسنامە و ناسیونالیزمیش دیدێکی دژگمایانە بە ناسنامە دەبەخشێت، چونکە خودی ناسیونالیزم لە خەرهەڵاتی ناوەڕاستدا جگە لە داکۆکیکردنێکی ناوازە، جگە لە پرنسیبێکی سیاسی پیرۆز شتێکی دیکە نییە! دەمەوێ بڵێم ئەوە داکۆکیکردنی ناوازەیی ناسیونالیزمە پێیوایە دەبێ یەکێتییەکی سیاسی و نەتەوەیی بەیەکەوە بگونجێنین، واتە دەبێ یەکێتی سیاسی لە سەر یەکێتی نەتەوەیی دامەزرابێت، ئەوانەی لە نێو یەك چوارچێوەی سیاسیدا دەژین، دەبێ بوونی نەتەوەیەك کۆیان بکاتەوە، دەبێ پیرۆزیی نەتەوەیی یەکیان بخات، بەو مانایەش دەبێ ناسنامەیەکی پتەو و نەگۆیان هەبێت، ئەوەش جادانی مەرگی ناسنامە و دابڕانی ناسنامەیە لە گەشەکردن و پێکەوە ژیان و کرانەوە و بەرەوپێشچوون، دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەویدیکەدا.

(بەختیار عەلی محەمەد) ساڵی 1960 لە شاری سلێمانی گەڕەکی (ئیبراهیم پاشا) لە دایکبووە، قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی (شێخ سەلام) خوێندووە، دواتر ناوەندی ئەزمەر و دواناوەندی هەکەوتی هەر لە سلێمانی تەواو کردووە، لە زانکۆی سلێمانی چێتە بەشی (جیۆلۆجی- زەوی ناسی) و کاتێك زانکۆی سلێمانی گوازراوەتەوە بۆ شاری هەولێر ئەویش لە هەولێر درێژە بە خوێندن دەدات، لە سەرەتای هەشتاکاندا لە خێپشاندانی قوتابیاندا بەشدار دەبێت و بریندار دەبێت و بۆ ماوەیەك دەکەوێتە زیندانی بەعسییانەوە، پاش دەرچوونی لە زیندان بە یەکجاری واز لە زانکۆ دەهێنێ و هەر لەو کاتەدا

چامەی (نیشتمان) بۆاو دەکاتەوە، لە ساڵی 1985 ڕوو لە چیاکانی سەر سنور و کوردستانی ئێران دەکات، لە گەرمەی شەڕی خوێناوی عیراق و ئیران دەستنوسی یەکەمین ڕۆمانی بە ناوی (مەرگی تاقانەی دووەم) ئامادە دەکات و وەك دەستنوس دەمێنێتەوە و پاشان لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 بە چاپی دەگەیەنێت… لە ساڵی 1994 ڕوو لە دیمەشق- سوریا دەکات و دوای نۆ مانگ لە مانەوەی لەوێ دەچێتە ئەڵمانیا تا ساڵی 1999 لە شاری فرانکفۆرت دەمێنێتەوە، پاشان بۆ شاری کۆڵن دەگوازێتەوە… نوسەر وەك بیرۆا دژ بە ئایدیۆلۆجیای تۆتالیتار و بیر تەسکی ئەدەبی و سیاسی و فەلسەفی وەستاوە، بڕوو بە بیری عەلمانی ئازاد و چەمکی جیاوازی و دیموکراسی دەدا. نزیکەی (30) کتێبی لە شیعر و ڕۆمان و لێکۆڵینەوە چاپ و بڵاو کردۆتەوە، بەرهەمەکانی بۆ سەر زمانی فارسی، عەرەبی، تورکی، ئینگلیزی، سویدی، ئەڵمانی تەرجەمەکراون، لە سایەی وەرگێڕانی ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا) بۆ زمانی ئەڵمانی لە 10/12/2017 خەڵاتی (نیلی زاکس)ی لە شاری (دۆرتمۆند) پێبەخشراوە.

(بەختیار عەلی) یەکێکە لەو نوسەر و ڕەخنەگرانەی دنیا، کە بە شێوەیەکی مەدڕن دژ بە بیر تەسکی ئایدیۆلۆجی و فەلسەفی قسان دەکات، بۆیە لە پێناسەی ناسنامەی کوردیدا ئەو یەکیەتییە سیاسییەی باسمان کرد و ئەو بنبەستبوونە دەخاتە بەر بەدواداچوون و ڕەخنەی فیکرییەوە… بۆگومان لە قسەکردن لە بارەی ناسنامە و چەمکی ناسنامە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نابێ ئەو یەکێتییە سیاسییەی نێوان ئایدیۆلۆجیای ناسیونالیزم و ناسنامە لە بیر بکەین، چونکە گرنگترین شت بۆ سیستمی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ئەوەیە، کە کێمەگا خانە خانە بکات، پڕسەی خانە خانەکردنی کێمەگا جگە لە تێکەڵکردنی ناسنامە و ناسیونالیزم، شتێکی دیکە نییە، بە دیوەکەی دیکەش هەمیشە ئایدیۆلۆجیای سیاسی و ناسیونالیزم تاکەکانی کێمەگا دەخاتە نێو ئەو خانانەی بۆی ئامادە کردووە، هەر بەو شێوەیەش لە کایەی ئایدیۆلۆجیای سیاسی و ناسیونالیزمی کوردیدا هەوڵی ناساندنی تاکەکانی کێمەگا دەدرێت و ناسنامەیەکی دیاریکراویان پێدەبەخشرێت! بەڵام مرۆڤ نابێ لە کایەی سیاسییدا بۆ ناسنامەی خۆی بگەڕێت، بەڵکو وەك بەختیار عەلی لە کتێبی (جوانییەکانی ناڕەکی، ل126، 147،212)دا دەڵێت: مرۆڤ دەبێ لە مێژوو و ئایین و سیاسەتدا بۆ ماناکانی بوونی خۆی بگەڕێت. چونکە کێشەی مرۆڤ لە دیدی بەختیار عەلیدا بە پلەی یەکەم وەك چۆن (عەلی حەرب) دەڵێت، لەگەڵ خۆیدایە، کەسێك نەتوانێ خۆی دروست بکات، کەسێك نەتوانێ خۆی ئازاد بکات، ناتوانێ لە ئازادکردنی کەسانی دیکەدا یان لە گۆڕینی واقیع و

بونیادنانی کۆمەڵگادا بەشداری هەبێت… لە کتێبی جوانییەکانی ناڕەکیدا پێیوایە مرۆووی ئەمەی کورد مژووی توانەوەی خودە لە ئەویدیدا، مرۆووی تەنامانی خودە لە ئەوانیدیدا، گەر چاوەك هەبێت ئەمە لە ڕێگایەوە سەیری خۆمان بکەین، ئەو چاوەیە، کە لە ئەوانیدیکە قەرزکراوە…

خەرهەمات لە مژوو بەدەرە، ئەو قسەیە بەو مانایەیە، کە سیاسەت لە خەرهەماتدا ئەو کەرەسە و ڕێگرەیە کە ناهێڵێ مژوو دەست پێبکات. سیاسەت هەرگیز لە خەرهەمات ئەوە نەبووە، کە بانگدەرانی جاڕی بۆ دەدەن، سیاسەت بەوە شکاوەتەوە کە مرۆڤەکان لە جوغزی ناسنامەیەکی تەسکدا، لە جوغزی شەڕکی دوورودرێژی مان و نەماندا قەتیس بکات… لە کتێبی (لە دیارەوە بۆ نادیار)دا دەڵێت: کاتێك کلتوری کوردی، پرسیارە جەوهەرییەکانی لە فیکردا دەکوژێت، ناتوانێ لە سیاسەتدا بە دەستی بهێنێتەوە. وەك دەبینین پرسیاری جەوهەری بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردی لە فیکردا ونە، وەك چۆن پرسیاری تاکی کوردی لە ناسنامەدا نادیارە! ناسیونالیزمی کوردی هەرگیز بیری لە پرسیاری جەوهەری نەکردەتەوە، وەك چۆن تاکی کوردی بیری لە جیاوازی و مرۆڤایەتیبوونی ناسنامە نەکردەتەوە، هەرگیز ناسیونالیزمی کوردی پرسیاری خۆی لە خەونی گەورەدا نابینێتەوە، وەك چۆن تاکی کوردی تایبەتمەندی ناسنامە بە هەند نازانێت… ناسیونالیزمی کوردی بە درێژایی مژوو دراسەکردنی خەونی گەورەی بە ئەرکی خۆی نەزانیووە، بە درێژایی دەیان ساڵی مژوو مرۆڤی کوردی بۆ خەونی گەورە ئامادە نەکردووە… بەکو پشتی بە فاکتەرە غەیبی و خورافییەکانەوە بەستووە، هۆزی ناسیونالیزمی کوردی لە بری ئەوەی ئومێدی خۆی لە سەر ئەرزی واقیع بونیاد بنێت، لە بری ئەوەی ئومێدی ڕاستەقینە بە تاکی کوردی ببەخشێت، خورافەتبازی کردەتە پیشە، لە بری ئەوەی ترسی لە واقیع هەبێت، ترسی لە سەر خورافەت بونیاد ناوە… ناسیونالیزمی کوردی بە هەموو تەمەنی خۆی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی فەرامۆش کردووە، بە هەموو مژووی خۆی بە هیچ جۆرێك نە لە ڕووی دەروونی و نە لە ڕووی فیکری و سیاسی و عەقڵییەوە تاکی کوردی بۆ دروستکردنی دەوڵەت ئامادە نەکردووە، وەك چۆن نە جیهان، نە دەوروبەری خۆی بۆ ڕووداوێکی لەو جۆرە ئامادە نەکردووە.

کەی ئەو قسانە بۆ ئەوە نییە، وێنەی ناسیونالیزمی کوردی بە قەڵەمێکی ڕەش بکێشم، بەکو بۆ ئەوەیە ڕەنگەکانی ناسنامە وەك چەمکێکی نزیك لە چەمکی ناسیونالیزم لە دیدی بەختیار عەلی دیاری بکەم… بەڵام هەرگیز من لەگەڵ ئەو خەڵکانە دژ نایەمەوە، کە لە یەك

شۆڕشی ژنددا لە دایکبووون، بەڵکو لەگەڵ ئەو بیرکردنەوەیە ناگونجێم کە ناسنامە لە ناسیونالیزمی کوردی دەگرێ، ناسیونالیزم وەك کۆنکریت و نەگۆڕ سەیر دەکات، نەك وەك ڕاپرسییەکی ڕۆژانە!

بەڵام ناسنامە لە دیدی بەختیار عەلی نزیکە لە تەماشاکردنی نەتەوە وەك ڕاپرسییەکی ڕۆژانە، نزیکە لە بوونی تاکەکانی کۆمەڵگا لە داکۆکیکردنی هەتایی لە ژیان، بەو مانایەش ئەوە تاکە کەسە ڕۆژانە هەوڵستی خۆی بەرانبەر نەتەوە دیاری دەکات، ئەوە تاکە کەسە ڕۆژانە دیدی خۆی بۆ ناسیونالیزم، ناسنامە… نوێ دەکاتەوە. وەك دەرکەوتووە چەمکی ناسنامە چ وەك چەمکێکی سێنترال و چ وەك چەمکێکی ئایدیال، ترسناکترین چەمکە کە بشێ هەردوو ڕۆڵی پێزەتیف و نێگەتیف پراکتیزە بکات. دوێنێ ڕۆڵی کاریگەری لە هوشیارکردنەوەی گەلان و پراکتیزەکردنی خود دەگێڕا! ئەمڕۆ بەردەوام لە کێشە و ململانێ و وێرانکردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکاندا تێخ دەکرێتەوە…

بەختیار عەلی لە کتێبی (چۆڕی مەرگدەستی، ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەری ئەندێشە- سلێمانی، ل 80) ئەوەمان بیر دەخاتەوە، کە هەمیشە گەلانی دەستێیشتوو، هەمیشە دەسەڵاتی داگیرکار وێنەیەك بۆ خۆی دەکێشێ (یان بە مانایەکی دیکە ڕووییەکی ناسنامەی خۆی پێشان دەدا) کە دواتر کەسانی بندەست دەبنە کێڵەی ئەو وێنەیە و کێڵەی ئەو ڕووە لە ناسنامە، کۆی پەرچەکردارەکانیشیان دەبێتە وەڵامێك بۆ ئەو وێنەیە، خەڵکانی بندەست لە بەر ڕۆشنایی ئەو وێنەیە چاوەڕوانیەکی تایبەت پەروەردە دەکەن! هەر لەو کتێبەدا نموونەیەکی زۆر جوان دەهێنێتەوە، نموونەی داگیرکاری دەسەڵاتی بەعس، نموونەیەك کە بەمڕۆش ڕادەگات، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێ لە سایەی حیزبی بەعس هەموو شۆڕەکانی دەسەڵات هەیبەتی خۆیان و ئاڵاستە و مانای خۆیان لە دەستدەدەن و دەبنە پاشکۆی دەسەڵاتی بەعس. لەو نموونەیەدا باشترین پرۆفیسۆر ئەوە نییە، کە باش بیر دەکاتەوە، بەڵکو ئەوەیە باشتر بڵێتە بەعسی… ئەگەر بمانەوێت ئەمڕۆی پێپێوانە بکەین، هیچ بیرکردنەوەیەکی قووڵی ناوێت، زۆر ڕوونە دەیەوێت بڵێت، ئەوە ناسنامەی بەعسییانەیە بە پێی فاکتە ناوەکی و بیرکردنەوە و هەست و ئارەزوو و دنیابینیەکانی گوزارشت لە خۆی دەکات، ئەوە دەسەڵاتی ڕەهای بەعسییەتە بە پێی کاریگەرە دەرەکی و گۆڕانکارە کۆمەڵایەتیەکانی خۆی دەنوێنێ.

خۆبەستنەوەی کوردی بە وێنەی بەعسەوە، تەماهیبوون بە ناسنامەی بەعس و دەسەڵاتی ڕەهای بەعسییەتەوە، جگە لەوەی گوزارشت لە کۆمەڵ کارەساتی مرۆیی دەکات، جگە لەوەی بێنرخکردنی مرۆڤی لێدەبێتەوە،

جگە لەوەی دەلالەت لە شۆفێنییەت دەکات، جگە لەوەی ستەم و زۆرداری و ملهوڕی دەنوێنێ… هەڵگری باوەڕێکیشە کە پێوایە حەقیقەتی رەها تەنها لای ئەوە، ئەو نوێنەری راستی و باشترینە… بەڵام ئەو بیرکردنەوەیە جگە لە تووندوتیژی و دواکەوتن و هەژاری، جگە لە تاك ناسنامەیی و رەسەنایەتی بێ بنەما هیچی دیکە نییە! ئەمڕۆ دنیا، دنیای بیرۆکەی جیاواز و فرە کلتووری و فرە ناسنامە و کرانەوە و رەنگاوڕەنگییە، دنیای داهێنان و ئازادی و تێپەڕاندن و بونیادنانەوەیە، نەك بنبەستبوون و تووندوتیژی و تەنگژەسازی و نەگونجان! کەواتە ئێمەی کورد لە بەردەم دروستکردن و پێکهێنان و هاوگونجانین، لە بەردەم قبوڵکردنی جیاوازیداین…

---

# گۆڤاری شیکار ژمارە 23

بۆ خوێندنەوەی ژمارە23ی گۆڤاری شیکار کلیکی ئێرە بکەن …

---

# ژیلەمۆیەك ئاگری کردەوە … نەجمەدین فارس

لەو کاتەوەی کە سەردەمی دوو چین و لەگەیدا دوو بەرژەوەندی جیاواز لەناو پێوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا درووست بوون، هەر لە هەمان کاتدا سەردەمکان ژیلەمیان بە سووتاندن و گەرتنی

خیان لە خۆمشی سیستەمی پشوویاندا بە خیان درووست کرد، چونکە بژۆوەندی جیاواز سەرچاوەن بە درووست بوونی کێشەو ململانێی جیاواز،لە پێناوی بەدەستهێنانی خواستی جیاواز.

واتە کاتێک جیاوازی قوە درووست دەبێت لە نێوان خیان و ئەوانی تر،هەر ئەو جیاوازییە هەڵگروو درووستکەری ململانێ و کێشەی قووڵی نێوانیان دەبێت، لەبەر ئەوە سیستەمە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی بەپێی ناوەڕۆکی چینایەتیان و بژۆوەندی جیاوازی ناو سیستەمەکیان،بە بەردەوامی لە کات و شوێنی جیاواز جیاوازدا بەپێی پێگەیشتن و قۆناغبووونەوەی جیاوازیەکانیان ململانێ و کێشەکان بە جۆرێی تایبەتی خیان دەبێت و ژیلەمۆی گەرتنیان بە بەردەوامی ئامادەیە بە ئاگرکردنەوە، هەر بەیە ئەوەی کە لە تونسدا هاتە پێش سەرکی وەاتەکیان تیایدا هەڵهات، کارەکی هەر لە خیەوە نەبووە بە هۆکاوت ڕوویان نەداوە. بەڵکو سەرچاوەیەکی لەمۆژینەی هەبووە لە بەبەشکردنی زەری مرۆڤکانی کەمەڵگای تونسی ئەمۆش بووتە سەرچاوەی بەرزبوونەوەی داخوازیەکان لەڕووەش ڕق و کینەی جەماوەری بینینەوەی لە خۆپشاندان و پەلاماردانا بەرجەستە بوو.

لە ئابردوودا کرێکارانی کارگەکان و هێزی کاری لەسەر کار، سەرچاوەی شەڕش بوون بە هاوکاری بێکاران بە گۆڕینی سیستەمەکان، بەناو بەهەی تەکنیک و تەکنەلۆژیای بەرهەم هێنانەوە، کە بووتە هۆی کەمکردنەوەی سەرچاوەی هێزی کاری کرێکاران لە کارگەکاندا، بەهۆی هێل و مەرجی پشکۆتنەوەو دابەش بوونی هێزی کار لە جیهانداو کەم بوونەوەی بەدەست نەهێنانی سەرچاوەکانی ژیان لەلایەن زۆرێکی ئەندامانی کرێکاران و بێکارانی کەمەڵگا جیاوازەکانەوە، خرێکە جەماوەرێکی زۆرو زۆوەندی بێکاران دەبنە سەرچاوەی ئاپۆین و شەڕش بە هاوکاری کرێکاران و فەرمانبەرانی لەسەر کار وەک ئەوەی کە ئاپۆین لە تووندسا ڕوویدا.

واتە سیستەمەکان چەند لەووی تەکنیک و تەکنەلۆژیاوە بەهێزبن، ئەگەر خشگوزەرانی بە مرۆڤکانی کەمەڵگاکەی درووست نەکات، ژیلەمۆی ناو ئاگردانی سیستەمەکیان هەموو کات ئامادەیە بە هەڵگیرسانی ئاگری شەڕش و ئاپۆین، ئەو ئاپۆینەی تووندس ئەوە دەسەلمێنتەوە کەم کردنەوەی نان و بژێوی ژیان و قەرغ کردنی ئازادی هەیکەی گەورەیە بە گۆشانەوەی ژیلەمۆی خۆفکەراو لەکەوتنەوەی ئاگرکی گەورە، هەر بەیە سەرچاوەی مرۆیی هێزی شەڕش و ئاپۆینکانی هەموو کاتێک لە ناوجەرگەی سیستەمەکاندا ئامادەیان هەیە، بەڵام لەمۆش گرنگتر ئاماستەکردنی داخوازی ئەندامەکانی و

دامەزراندنی جۆری پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیەکی دواتریەتی، بە بۆای من ئەوەی کە لە تووندسدا هاتە بەرهەم دەبێت بە دواتر ئاسوودەیی دروست بکات لە کۆمەڵگاکەیاندا، بە گومان ئەمش بە بوونی حیزبی پێشڕەو ئامانجی هەزی ئازادی خوازوو یەکسان وویست دەبێت، لەبەر ئەوەی تەنها نەبێتە هەی گۆڕینی دەم و چاوەکان.

بەهەر حاڵ ئەوەی کە ڕوو دەدات دەبێت وانیان لە وەربگیرێت لە ئستاداو هەم بە ئایندەی ئاپۆین و شۆڕشە جاماوەریەکانی کۆمەڵگا جیاوازەکان، هەروەها دەبێت هەموو دەسەڵاتەکانی سیستەمەکانی گەی زەوی باش ئەوە بزانن کە ناتوانن بەر بەهەزی لافاوی جەماوەری کۆمەڵگاکەیان بگرن، هەرچەندە پەبن لە سەربازو هەزی تانک و تیارەو لە ڕووی لەجستی سەربازیشەوە زەر پێشکەوتووبن وە نابێت بەو هەیەوە بنازن و بەیین ئەوەی خەم بە خەم و ئەوەکەی تش هەر دەخەم، چونکە دەبێت ئەوە بزانن کە جام پە بوو لەی دەژڕ و هەموو شتەک لە باریکیدا دەپسێت، بەهام زەرداری لەوپەی ئستووریدا دەپسێت و یەکاڵا دەبێتەوە...

**نەجمەدین فارس**
١٥/١/٢٠١١

---

# چیرۆک / شەقامی زیندانییەنەستالیژیاکان ... نوسینی: حەمە هیوا

گوبیستی ئەو گوتانم،کە پیاوە ناساغەکە دەیچپێنێت بە گوچکەی کچۆکەیدا.
ئەوکاتانەی باوک دێت و فرمێسکی کچە بچوکەکەی دێتە خوار،ئەمش دەگرین،دەگرین لەبەر ئەوەی نامانەوە بمرین.
جارەکیان هاتە لای فرۆشگایەک لە هەمان شوێن،ئەو فرۆشگایەی پیرەژنەکی پەککەوتوی گۆچان بە دەست خاوەنیەتی.
لەوێدا بیەکەم جار بەی دەرکەوت کە پیرەژن لەگەڵ ئەوەی پشتی

چەماوەتەوە درەنگیش دەبیستێت ئەنگۆ هەر نەبیستێت، بەهەرحاڵ هاتە ئەوە و لە پشت یەکێک لە کاناکانەوە کچ و باوک هەمایان ئاوگەر بۆیەکتر کرد و هەردوکیان چونە جێگای ژوان.

_باوکە دەمهەوێت لێت بپرسم ئەمەی مرۆڤ چۆن دروست دەبین؟ئایە دایک و باوکان شوان زاوزێ دەکەن و ئەمە دروستدەبین؟یاخوود هەزکی میتاڤیزیکی هەیە ئەمە دەهێنێتە بوون؟
_کچەکەم من ئێستا تەمەنم سێ دەیە و نۆ ساڵێک دەبێ.راستیەکەی مەبەستەم بڵێم ئەمە تەنها بە کردارێکی جوتبوون نایەنە دونیا، بەڵێ هەزکی کە لەودیو سروشتێ و لە نەوان بوون و نەبوندا ملیاران ساڵ شەری لەسەر دەکرێ ئەمە دروست دەکات.
_باوکی باشم ئایە تۆ پێتوایە ئەو دونیا بونی هەیە،دەچێتە ئەندێشەتەوە ئەمە دوای کەچی ئەبەدیمان جارێکی تر هەناسە وەرگرین و ببەخشین؟
_من بروام وایە بونی هەیە دونیای دواتر،ئەمشت کە پەڵەم لە خۆا نیە، بەڵکو من پەلەنکاریم بە دیەها شتی ئاڵۆز کردوە. پەیامی من لەڕدا ئەوەیە،دەبێت مرۆڤ هەمیشە خاوەن خودایەک بێ،خودایەک هی هەمووان خودایەک هی مرۆڤکان هی مرولەکان هی گشت جانەوەرکان.
ئەمە چوار زیندانین لە مەملەکەتەکی ئەشەوە نەردراوین بە ئەرێ، ئەمە دژی کوشتن دەستکانین،دەمانهەوێت لە رەگای ئەو شتانەی کە بەسەرچون بریارێک بدەین، بەڵام بریارێکی پڕزەتیڤ و ئەرێنی.

ئەمە لەرێ بەوە زیندانین کە دەبێت هەمیشە لە جەنگ دابین،جەنگێکی پڕ لە کوژراوی ستەملێکراو،ئەمە بەوە زیندانین کە دەبێ هەمیشە سەبکەتە پڕ لە پیسایەکانمان بهێنینە ئەبکت.
لەم شۆقامەدا چوار کەس دەژین سێ کچ و کوڕێک،ئەوەی کە ئەمانە دەکات بە نوسین منم،ناوم ئیلیایە.
سێ زیندانیەکەی تر لە هۆش خۆ چوون،دەمکیشە لە هۆش خۆ چوون،نازانم من وەک هۆشدارێک،یاخوود وەک دوپێیەکی زیندوو چی بکەم بە بیانوو بە ئەوەی ئەوان بهێنمەوە ئاگا.

ساڵی ٢٠٠٦ ی مانگی ئەشەمە کە گەیاندراینە ئەرێ هیچ گرفتێک لە ئێستەمان نەبوو،هەر چوارمان خاوەن پیشەیەک بوین.
وەک ئاماژەم پێدا ئێستا ئەمە کورێکمان لەگەڵ کوڕێکی مەسیحیە و ناوی کریستیانە.
من و هەلینا و فاتیمەش سێ کچین شەو و رۆژ لەم شۆقامە دەگوزەرنین،سێ کچی دەستەمۆکراسی دەست یادەوەریە زیندە بە گڵۆکان.

ئەستا کە ساڵێک تێپەربوو بەسەر ئەم رووداوە نەخوازراوانەوە زۆر شت شایەنی باسن، بەڵام سەرکیترینیان ئەوەیە ئایە ئەمە چەنی زیندو دەبوینەوە.
دەووو بگەڕێم بۆ شوێن ئەو کچە گومانەیەی کە باوکی وەک ئینسایکلۆپیدیایەک وابوو بۆی، بەڵام ئەفسووس ئەوتاین بۆ هەش کوتین و دەگمەنەوە بۆ سەدیەک پیش ئەستا و ،دواتریش پشدەکوین بۆ سەدیەکی دی...

نوسینی/حەمە هیوا

---

# مریەم سەعادەت ئەکتەری ناسراوی سینەما و تەلەڤیزیۆنی ئێران، سەبارەت بە سینەمای منداڵان

**مریەم سەعادەت: سینەماکارانی سینەمای منداڵ و مەرمنداڵ دەبێ ڕوانگەی خۆیان نوێ بکەنەوە**
**بۆچی لە بواری ئەنیمەیشێندا لە ئەدەبیاتی دەوڵەمەند و ئەفسانە جوانەکان کەمک وەرناگرین؟**

مەنووچەهر جیهانی ـ "مریەم سەعادەت" ئەکتەری ناسراوی سینەما و تەلەڤیزیۆنی ئێران دەڵێت: چارەنووسی فیلمەکانی منداڵان و ئەوەی کە "بۆ منداڵ" بەرهەم هێناون، یا "سەبارەت بە منداڵ"ن دیار نیە.

بە پێی ڕاپۆرتی لێژنەی ڕاگەیاندنی سی و یەکەمین خولی فێستیڤاڵی نیشانەتەوەیی فیلمەکانی منداڵان و مەرمنداڵانی ئیسفەهان، "مریەم سەعادەت" ئەکتەری ناسراوی سینەما و تەلەڤیزیۆنی ئێران کە لە ساڵانی کار و چالاکیی خۆیدا لە سینەما، شانۆ و تەلەڤیزیۆن لە بواری منداڵ و مەرمنداڵ، بەرهەم گەلێکی درەوشاوەی لە کارنامەی خۆیدا تۆمار کردووە، لە وەڵامی ئەوەی کە نیاز و پێداویستیی سینەمای منداڵان و مەرمنداڵانی ئەمڕۆ چیە؟ ڕایگەیاند: لە سینەمادا دەبێ بۆ منداڵان ئەرزش و بایەخ دابندرێت و بە شێوەیەکی

ساده چاو له نیازەکانیان نەکرێت. له هەمان کاتیشدا قسەکان به سادەیی بکرێن. منداڵان هەموو شتێک دەفامن و هەر بەم هۆیەش دەبێ به سەلیقە و شیاو لەگەڵ ئەو سەردەمەی کە تێیدا‌ین، بەرهەم ساز بکەین.

ئەکتەری فیلمی "ئۆپەراسیۆنی باخچەی ساوایان" به رەخنە گرتن له ڕوانگەی نوێ نەبوونەوەی ئەو هونەرمەندانەی کە له بواری سینەمای منداڵ و مۆرمنداڵدا کار دەکەن، درێژەی به قسەکانیدا گوتی: من کارگەلێکی زۆر له بواری منداڵان و مۆرمنداڵان له تەلەڤیزیۆن و تەنانەت شانۆدا دەبینم کە زۆربەی ئەوانە له دەیەی 50 تا 60ی کۆچی هەتاویدا وەامدەری نیازی بەردەنگی منداڵ و مۆرمنداڵ بوونە. مەبەستم ناوەرۆکی ئەوانە نیە، بەڵام لەم ڕۆژگارەدا کە منداڵان ئەنیمەیشۆن گەلی سەیر و سەمەرە دەبینن، بینینی کارگەلێک کە ریتمێکی ئارامی هەیە و بۆ منداڵان سەرنجڕاکێش نیە، هیچ سوودێکی نابێت.

سەعادەت بە هۆنانە ئارای پرسیارێک سەبارەت بە هاوکاری و پەیوەندیی سینەمای منداڵ و مۆرمنداڵ و ئەدەبیاتی دەوڵەمەندی وڵاتی ئێران گوتی: بۆچی له بواری ئەنیمەیشۆندا له ئەدەبیاتی دەوڵەمەند و ئەفسانە جوانەکان کەڵک وەرناگرین؟ و بۆچی چارەنووسی فیلمەکانی منداڵان دیار نیە؟ ئەوەی کە "بۆ منداڵ" بەرهەم هێناوون؟ یا "سەبارەت به منداڵ"ن؟!
ئەکتەری زنجیرەی "چیرۆکەکانی تا بە تا" به دەربڕینی ئەوەی کە لەگەڵ پێکهێنانی گۆڕانکاریی چڕ‌له هاوڕایە، بەڵام کاریگەری لەسەر سینەمای منداڵ و مۆرمنداڵی ئەمڕۆدا هەبێت، ئەوەشی ڕاگەیاند: ئێمە سینەماکارانێکی باشمان لەو وڵاتەدا هەیە کە کارەکەیان لەوپەڕی خۆیدا دەزانن، بەڵام لەوە دەچێت کەسانێک کە دەیانەوێت کاری ئامادە کردن و چێکردنی بەرنامە یا فیلمسازی بۆ منداڵ و مۆرمنداڵ ئەنجام بدەن، دەبێ شێوازی بیرکردنەوەی خۆیان لە نیاز و پێداویستیی ئەم بەرنامانەی تایبەت به بەردەنگەکانی منداڵ بگۆڕن و ڕوانگەی خۆیان نوێ بکەنەوە.

"مریەم سەعادەت" له وڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمەکانی منداڵان و مۆرمنداڵان یارمەتیی گەشەکردنی ئەم جۆرە سینەمایەی له ماوەی ساڵانی بەڕەوچوونیدا داوە؟ گوتی: فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمەکانی منداڵان و مۆرمنداڵان دەبێ به شێوەیەک بەڕەوبچێت کە پێکهاتەی فیلمە چێکراوەکان لەم بەشەدا لەسەر پەردەی سینەما ببینین. ئایا بۆیار وایە تەنیا شاهید و

چاوەری بەرهەمهێنان و چێکردنی چەندین فیلمی منداڵ و مەرمنداڵ بە شێوەی ساڵانە بین؟ ئەو سینەماکارانەی کە دەتوانن لە بواری منداڵ و مەرمنداڵدا چالاکی بکەن، نابێ کەمکەمەی فرێشتنی فیلمەکانیان هەبێت و ئەنگێزەیان بێ کار و چالاکیی لەم بەشەدا دەبێ زێر بێت.
سی و یەکەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمەکانی منداڵان و مەرمنداڵان لە رێژانی 8 تا 14ی خەرمانانی ئەمساڵ رێکەوتی 30ی ئێگێست تا 5ی سێپتەمبری 2018ی زایینی لە دوو بەشی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا لە شاری مەژوویی ئیسفەهان لە وڵاتی ئێران بەڕێوەدەچێت.